# هۆشیار کردنەوەی موسوڵمانان لەشوێنەواری خراپی

## فەرمودە لاوازو هەڵبەستراوەکان

مامۆستا خالد أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين

والصلاة والسلام على نبينا محمدٍ وعلى آله وصحبه.

**أما بعد :**

گومانی تێدانیە، کە گەورەترین بەڵاوو موسیبەت، توشی سەدەکانی ڕابردوو ئەم سەدەیەش یەتایبەت هاتبێت، بڵاو بوونەوەی فەرمودە لاوازو هەڵبەستراوەکانە (الأحاديث الضعيفة والموضوعة)، کەبەڕاستی بونەتە هۆی بڵاو بوونەوەی زۆر نەخۆشی! لەوانە پەیدا بوونی چەند بیروو باوەڕێکی زۆر خراپ و لادراو، کەپەنا بەخوا مرۆڤ پیێی لە ئیسلام دەردەچێ، وەك هاوار کردنەقەبری پیاو چاکان و داوا لێکردنیان،کە بە شیرکی گەورەدادەنرێت لە لایەکی تریشەوە ئەم جۆرە ڕیوایەتانە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی **چەندینبیدعە و لەناوبردنی چەندین سوننەت.**

لەوانەشە زۆر کەس پیێی وابێ ئەم قسانە زێدەڕەوی تێدایەو، فەرمودە لاوازو هەڵبەستراوەکان ئەو هەموو زیانانەی نەبێت، ڕەنگە لە هەندێ بواردا بەسودمەندیشیان بزانن.

بەڵام إن شاءالله ئێمە چەند نمونەو بابەتێك دەخەینە ڕوو لە چەند لایەنێکەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت زەرەرو زیانیان چەند گەورەیەو، وە وریاش بین لەباس کردنی فەرمودەیەك بەناوی پێغەمبەرەوە ﷺ بەبێ سەنەدو دڵنیا بون لێی کە فەرمودەی پێغەمبەرە ﷺ ، چونکە تاوانێکی گەورەیەو سزای ئاگری دۆزەخە. وەلەوانەیە خوێنەر پرسیار بکات، ئێمە چین تاوەکو بتوانین جۆرەکانی فەرمودە لێك جیا بکەینەوە ! .

لە وەڵامدا دەڵێین دەبێت دڵنیابین لەوەی کە پەروەردگار بەردەوام کەسانێکی ناردوەو دەنێرێت، پارێزگاری لەم دینە بکەن، بەلێکۆڵینەوەو کۆشش، لەزیادەکاری ولێدابڕین بیپارێزن .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

(نضَّر الله امرءاً سمع منا حديثاً فحفظه حتى يبلغه، فإنه رُبَّ حامل فقه ليس بفقيه، ورُبَّ حامل فقه إلى من هو أفقه منه)[١].

واتە خوای گەورە ڕووی ئەو کەسە گەش بکات کە فەرموودەیەك لەئێمە دەبیستێت و، لەبەری دەکات و دەیگەیێنێت بەکەسێکی تر، وە هەندێ جار لەوانەیە، ئەوەی زانستێك دەگەیێنێت، بۆ خۆی تەواو زانیاری پێ ی نەبێت و لێی تێنەگات.

کەواتە پێویستە لەسەرمان هەوڵ بدەین بۆ پاککردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ لەو فەرموودە لاوازو هەڵبەستراوانە. بۆ ئەوەی شتێك لەپێغەمبەرەوە نەگێڕینەوە تەنها ئەوە نەبێت کەدڵنیاین (صحيحە) وەبۆ ئەوەی بەر دوعاکەی پێغەمبەریش ﷺ بکەوین . ئیمامی دارقطنی دەفەرموێت : پێغەمبەر ﷺ هەڕەشەی بەئاگر لەوکەسە کردووە، کە درۆی بۆ هەڵ دەبەستێت لەبلاو کردنەوەی ئەو فەرموودانەی کە بیستوونی. وە دروست نیە بۆ ئێمە هەرچی بیستمان بلاویشی بکەینەوە، چونکە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت:

(كفى بالمرءِ إثماً أن يحدث بكل ماسمع)[٢]

واتە بەسە بۆ بەندە کەتاوانی بۆ بنوسرێت، بەوەی هەرچی گوێ بیستی بوو، بیگێڕێتەوە،بێ ئەوەی فەرموودە (صحيح)و (ضعيفة) کان لەیەکتری جیا بکاتەوە، چونکە توشی تاوان دەبێت وە دەکەوێتە پێڕی ئەوکەسانەی درۆ بۆ پێغەمبەر ﷺ هەڵ دەبەستن پەنا بەخوا.

وەپێغەمبەر ﷺ ئاگاداری کردوینەوە کە لەدوای خۆی کۆمەڵێك پەیدا دەبن، چەند شتێك بەناوی پێغەمبەرەوە بلاو دەکەنەوە ــ لەدرۆ و ڕیوایەتی لاواز ــ وەفەرمانی پێ کردوین گوێیان لێ نەگرین.

(سيكون في آخر الزمان أُناسٌ من أُمتي يحدثونكم بما لم تسمعوا . فإياكم وإياهم)[٣]

کەواتە بۆمان ڕون بووە لە ڕوانگەی ئەم فەرمودانە، کە دروست نیە هیچ حەدیسێك بلاو بکرێتەوە بەبێ دڵنیابوون لەوەی کە (فەرمودەیەکی صحيحە)–

(١) سلسلة الأحاديث الصحيحة (٤٠٤).

(٢) أخرجه مسلم .

(٣) مسلم ڕیوایەتی کردوە.

ئەگەر نا درۆمان هەڵبەستوە بەناوی پێغەمبەروە، لەکاتێکدا دەفەرموێت (درۆ بەدەم منەوە ـــ واتە پێغەمبەر ـــ وەکو درۆ کردن نیە بەدەم یەکێك لەخۆتان، بەڵکو هەرکەسێك درۆیەك بەدەم منەوە هەڵبەستێت باشوێنی خۆی لەناو ئاگر دابنێ )[٤].

إمام أحمد دەفەرموێت: (زانا ئەگەر حەدیسی صحیح لە ضعیف ، وە ناسخ لەمنسوخ جیا نەکاتەوە، بە زانا دانانرێ)

وەزانای فەرمودەناس ( ألبـــاني ) دەفەرموێت: هەندێك کەس هەیە زۆر ئیهمالی دەکات لەگێڕانەوەی فەرمودەی لاوازو ئیش پێ کردنی لە کردەوە باشە سوننەتەکان (فضائل الأعمال) دا ، کە ئەمەش ڕاو بۆچونێکی ناپەسندە لەلای من هەروەکو زۆربەی زانایانیش پێیان پەسند نیە.

بەلام هیچ کەسێك نیە کە بڵێ:

فەرمودەی لاواز حوکمی شەرعی لەسەربنیات دەنرێ، بەڵکو ڕای گشتی زانایان لەسەر ئەوەیە کە تەنها بە فەرمودەی پەسند (مقبول) حوکمی شەرعی بنیات دەنرێ ، کەپلەی هەرە نزمی پەسندیش فەرمودەی(حسنٌ لغیرە).

وەئەوانەش کەپێیان وایە فەرمودەی لاواز لە کردەوە باشە سوننەتەکان (فضائل الأعمال) دا ئیشی پێ بکرێت ، چەند شەرت ومەرجێکیان بۆ ئەم جۆرە فەرمودە لاوازانە -جگە لە هەڵبەستراوەکان- داناوە ، کە بە کورتی ئەمانەن :

١/ فەرمودەکە زۆر لاواز نەبێت ، وەك ئەوەی کەسێك بیگێڕێتەوە کەبەدرۆزن ناسرابێت لەلای زانایانی حەدیس ، یاخود هەڵەی زۆری هەبێت .

٢/ فەرمودە لاوازەکە لەسەر بنەمایەکی شەرعی ڕاست ودروست سەرچاوەی گرتبێت، واتە بەبێ بنچینەو داهێنراو نەبێت.

٣/ لەکاتی ئیش پێ کردن بەو فەرموودە لاوازە ،بڕوات وانەبێ کە ئەمە قسەی پێغەمبەرە ﷺ .

**بەراوردێك لە نێوان**

**تخریج،وە تحقیق**

جێگەی داخە کە زۆر لە موسوڵمانان، هەتاوەکو قوتابیانی زانستە شەرعیەکانیش، بەهەڵەدا دەچن ، لە جیاوازی نەکردن لە نێوان هەردوو زاراوەی (تحقیق) وە (تخریج).

(٤) لە کتابی صحیح الترغیب لاپەڕە (٩).

**تخريج**: بریتیی‌یە لە ئاماژەکردن بەناوی ئەو کتێبەی کەفەرموودەکەی تێدا باس کراوە، یاخود بەناوی ئەو ئیمامەی کە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە، وەك (رواه أحمد) یاخود (أخرجه الطبراني)، بەلاَم ئەمە بەتەنها هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاستیو ناڕاستی فەرموودەکەوە نییە واتا دەرناکەوێت کە صەحیحە یان ضعیفە، بەڵکو تەنها بە (تحقیق) کردن لەفەرموودەکە دەردەکەوێت ٠

بۆنموونە (إمام احمد) لەکتێبەکەیدا فەرموودەی (صحیحی) هێناوە وەهی لاوازیشی هێناوە، وە بەهەمان شێوە ئیمامەکانی تریش ٠

تەنها بوخاری و موسلیم نەبێت، فەرموودەکانیان هەمووی صەحیحن و چەند دانەیەك نەبێت کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن و ابن حجر العسقلاني ئاماژەی بۆکردوون و هەر ئەم زانایە (ابن حجر) دەفەرمووێ، تخریج زانستێکە وتحقیق زانستێکی ترە، بەجۆرێك کە لەتەخریجدا هیچ ئاماژەیەك بۆ پلەی فەرموودەکە لە ( صحيح ــ ضعيف )ی تێدا نییە.

کەواتە باوڕیا بین لەکاتی خوێندنەوەی حەدیس، تەنها ئەوە بەس نییە بزانین کێ ڕیوایەتی کردووە٠ وەشەرعی نییە بەناوی پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموودەیەك بلاَو بکەینەوە تاوەکو تحقیق نەکەین لێی، ئەمەش بە خوێندنەوەی قسەی زانایانی فەرموودە ناس دەبێت لەبارەیەوە ٠

وەلێرەدا پرسیارێك دێتە بیری خوێنەر، ئایا بۆچی زانایانی وەك ئیمامی أحمد و أبوداود والنسائی، فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراویان لەکتێبە کانیاندا نووسیوەتەوە، لەکاتێکدا کە هەندێ جار زانیویشیانە کەفەرموودەکە (ضعیفە)؟

لەوەلاَمدا دەڵێین گومانی تێدانییە کەزۆربەی زانایان کاتێك حەدیسیان نووسیوەتەوە لەکتێبەکانیاندا بەومەرجە نەیان نووسیوەتەوە، کەهەر دەبێت صحیح بێت، بەڵکو ئیشیان تاڕادەیەك کۆکردنەوەی فەرموودەکان بووە .

بۆ نموونە أبوداود لەپێشەکی کتێبە کەیدا دەفەرمووێت :

(من پێنج سەد هەزار حەدیسم لەپێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەت کردووە، بەلاَم تەنها چوار هەزار حەدیسم لێ هەڵبژارد بۆکتێبەکەم کە حەدیسەکانیش یان صەحیحن وەیان نزیکن لێی، وەئەوەیشی

کەنیشانەی زۆر لاوازی (كثرة الضعف)تێدا بێ دەرم خستووە)[٥] .

لەم وتەیەی ابو داود بۆمان دەرکەوت، بۆخۆی دان بەوەدا دەنێ کە لەکتێبەکەیدا حەدیسی زۆر لاوازی تێدایەو ڕوونی کردۆتەوە، وە لەوانەشە حەدیسی لاوازی تریشی تێدا هەبێ ئەو پێی نەزانی بێ .

چونکە بێهەڵەیی (مەعصومیەت) تەنها بۆ پێغەمبەرانە. بەهەمان شێوە هەموو کتابەکانی تری حەدیس، تەنها بوخاری وموسلیم نەبێ بەو مەرجە حەدیسیان لە کتێبەکانیان دا نوسیوە کەصحیح بێت.

دیسانەوە پرسیارێکی تر بەبیردا دێت ئەویش! ، ئایا بۆ زانایان هەموو وەك (بخاري ومسلم) تەنها حەدیسی صەحیحیان تۆمارنەکردووە ؟.

لەوەڵامدا دەڵێین ئەمە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە:

١/ چونکە حەدیسی لاواز (ضعیف) (بەمەرجێك زۆر ضعیف یا هەڵبەستراو نەبێت ) لەوانەیە بەچەند ڕێگەیەکی تری ڕیوایەت بەیەکەوە بگەن بەپلەی حەدیسێکی حەسەن (وەرگیراو) واتە تۆمارکردنی ڕیوایەتە لاوازەکان لەلایەن ئەم زانایانەوە ڕێگە خۆشکردنێکە بۆ زانایانی تر کە لەهەموو ڕێگەکانی ڕیوایەتەکە بکۆڵنەوە و بگەن بەئەنجامێکی باشتر لەسەری.

٢/ ئەوان چونکە هەمووحەدیسێکیان بەسەنەدەوە نوسیوە، ئەمەش ئاسان کاری دەبێت بۆ زانایانی حەدیس ناس لە دوای خۆیان کە بەس بە تەماشاکردنی سەنەدەکە پلەی حەدیسەکەیان بۆ دەر بکەوێ. واتە زانایانی وەك ئیمامی احمد وابوداود بە ئەمانەتەوە فەرمودەکانی پێغەمبەریان ﷺ نوسیوەتەوەو خیانەتیان لە موسوڵمانان نەکردوە کە قسەیەك بدەنە پاڵ پێغەمبەر ﷺ، بەبێ ئەوەی بڵێن کە ئێمە ئەو قسەیەمان لەفلانە کەس وەرگرتووە .

٣/ هەندێ حەدیسیش هەیە کە ئەوان بە (صحیح) یان داناوە ،چونکە زانیاری تەواویان لەسەر پیاوانی سەنەدەکە نەبووە و، وایان زانیوە کە هەموویان حەدیسیان لێ وەردەگیرێ، لەکاتێکدا لەوانەیە تێیان دابێ کە گومانی درۆی لێ دەکرێ و قسەی لێ وەرناگیرێ .

## نموونەیەك لەسەر دژایەتی (تعارض) لە نێوان حەدیسی صحیح و ضعیف

(٥) لە کتێبی سنن أبی داود لاپەڕە(١٠)

یەکێك لەگەورەترین ئەوزیانانەی بەهۆی حەدیسی لاوازو هەڵبەستراوەوە کەوتۆتەوە! پەیدا بونی دژایەتییە لە نێوان واتای دوو حەدیس دا، کەخەڵکی ناشارەزا نازانێت یەکێکیان ضعیفە وە ئەوەی تریان صحیحە، بۆیە یەکسەر گومانی لەبەڵگەکانی حەدیس بۆ پەیدا دەبێ ودەڵێت تەنها قورئان جێگەی پشت پێ بەستنە .

شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خودای لێ بێت دەفەرموێت (ئێمە بەم دووکارە ــ تخریج وەتحقیق ـڕێگە لەو نەفام و بیدعە کارانە دەگرین کە دژایەتی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەکەن، وەگومان دەخەنە دڵی موسوڵمانان، بەوەی کە بەڵگەکانی حەدیس گومانیان تێدایەو دەبێت تەنها پشت بە قورئان ببەستین و بەتاکە سەرچاوەی دابنێین، وە ئەوکەسانەی ئەوبیرو باوەڕەیان هەیە لەهەندێ شوێندا بە( قورئانیەکان ) ناو دەبرێن ٠

ئەمانە چەند حەدیسێك بە نمونە دەهێنینەوە کەگوایە لەنێوانیاندا دژایەتی هەیە، لەوانە حەدیسی (خذوا شطر دينكم عن هذه الحميراء، يعني عائشة) [٦] واتە بەشێکی دینەکەتان لەو سورکەلانەیە وەربگرن، واتە عائیشە٠ وەحەدیسێکی تریش (ناقصات عقل ودين ) [٧] واتە ئافرەتان لەعەقڵ ودیندا کەم و کورتیان هەیە. وە دەڵێن تەماشابکەن چۆن حەدیسی دووەم ئافرەتان بەکەم عەقڵ دادەنێت و، لەیەکەمیشدا داوامان لێ دەکات بەشێکی دینەکەمان لەئافرەت وەربگرین! .

بەلام کاتێك خوێنەر هۆشیاربێت دەزانێت کەحەدیسی یەکەم(موضوع)ە هەڵبەستراوەو، حەدیسی دووەمیش فەرمودەیەکی صەحیحە، دەردەکەوێت هیچ دژایەتیەك لە ئارادا نیە.

هۆی کەم عەقڵی و کەم دینیشیان لە حەدیسەکەدا پێغەمبەر ﷺ ڕونی کردۆتەوە کە ئافرەت دووانیان بەشاهیدێك حیسابن و، نوێژ ناکەن و ڕۆژوو ناگرن لە کاتی حەیزدا.

هەر بەم جۆرە زۆربەی ئەو دژایەتیانەی باس دەکرێن، ئەگەر لێی ورد بینەوە دەردەکەوێت، کە یەکێك لە حەدیسەکان هەڵبەستراوە یاخود لاوازە،ئەگینا لە نێوان حەدیسە صەحیحەکان، هەرگیز هیچ دژایەتیەك بەدی ناکرێت.

---

(٦) تذكرة الموضوعات ١٠٠

(٧) البخاري (١/٨٣) و مسلم (الإيمان/ب ٣٤/ح ٣٢).

## چەند نمونەیەك لەسەر زیانی فەرموودە لاوازو هەڵبەستراوەکان لەبواری عەقیدەو شەریعەتەوە

١/ یەکێك لەو بیروباوەڕە پوچانەی کۆمەڵێك کەس هەڵی گرتوە، (ئەگەرمرۆڤ بیرو باوەڕی بەبەردێکیش هەبێت کەسودی پێدەگەیەنێت، ئەوا سودی پێدەگەیەنێت) ، بنچینەی ئەم باوەڕە خراپەش حەدیسێکی هەڵبەستراوە کەدەڵێت (لو أحسن أحدكم ظنه بحجرٍ لنفعه الله به )[8] واتا هەریەکێك لە ئێوە، ئەگەر گومانی چاکی بە بەردێکیش هەبێت، ئەوا پەروەدگار سودی بەهۆی ئەو بەردەوە پێدەگەیەنێت) ابن القيم رحمه الله دەفەرموێت ئەمە قسەی بت پەرستەکانە کە باوەڕیان بەبەردو داریش هەیە سودیان پێ بگەیەنێت .

٢/ یەکێکی تر لەو بیروباوەڕە پوچانە کاتێك قسەیەك دەکرێت و پژمینی بە دوادا دێ، دەڵێن ئەو قسەیە ڕاستەو، ئەگەر قسەکە پەیوەندی بەداهاتوویانەوە هەبێت، ئەوە ترسی زۆریان لەکردنی ئەوکارە دەبێ بەهۆی پژمینەکەوە.بنچینەی ئەم باوەڕە خراپەش حەدیسێکی هەڵبەستراوە کە دەڵێت:

(من حدث فعطس عنده فهو حق)[9].

٣/ یەکێکی تر : ناشتنی مووی تاشراوو نینۆکی کراو . وە توڕەبوون لەو کەسانەی ئەم کارە ناکەن ، بنچینەی ئەمەش حەدیسێکی بێ بناغەو بەڵگەیە کە دەڵێ:

(كان إذا أخذ من شعره او قلم أظفاره أو احتجم بعث به الى البقيع فدفن)[10]

واتە کاتێ کە پێغەمبەرﷺ مووی سەری دەتاشی یاخود نینۆکی دەکرد وەیان کەڵەشاخی دەگرت کۆی دەکردنەوەو دەینارد بۆ بەقیع لەوێ دەیانخستنە ژێر گڵ.

٤–یەکێکی تر لەو کارە خراپانەی کەبەهۆی حەدیسی لاوازو هەڵبەستراوەوە ئەنجام دەدرێت: ڕیش تاشین و کورت کردنەوەیەتی بەبەڵگەی حەدیسێکی هەڵبەستراوەوە کەدەڵێ:

(كان النبيّ ﷺ يأخذ من لحيته من عرضها وطولها)[11].واتە پێغەمبەر ﷺ لەڕیشی خۆی ئەبری، لەدرێژی و لە پانیەکەشی،

---

(٨) سلسلة الأحاديث الضعيفة ٤٥٠.

(٩) سلسلة الأحاديث الضعيفة ١٣٦.

(١٠) سلسلة الأحاديث الضعيفة ٧١٣.

(١١) سلسلة الأحاديث الضعيفة /رقم (١٣٦)

کەئەمە پێچەوانەی چەندین فەرموودەی صحیحە کەلەهەمووی دا فەرمانمان پێ دەکات ڕیشمان بەربدەینەوەو دەستکاری نەکەین

یەکێك لەوانە (اعفوا اللحى وجزوا الشوارب)[١٢]وەفەرمودەیەکی تر کە بوخاری وموسلم دەیگێڕنەوە (کان النبيُ كثير شعر اللحية )[١٣].

٤-یەکێکی تر کەزوربەی خەڵکی وادەزانن غەیبەت دەست نوێژو نوێژەکان هەر لەبنەڕەتدا هەڵدەوەشێنێتەوە، کەئەمەش ڕاست نیە، هەرچەندە غەیبەت لەگوناهە گەورەکانیشە،بەلاّم نابێت ئەو درۆ گەورەیەی بۆبکرێت بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ ، بنچینەی ئەم بۆ چوونەهەڵەیەش حەدیسێکی هەڵبەستراوە کەدەڵێت (الغيبة تنقض الوضوء و الصلاة) [١٤]

غەیبەت دەست نوێژو نوێژ هەڵدەوەشێنێ .

٥/ فەرمودە لاوازو هەڵبەستراوەکان خەڵکیان بەهەڵە بردووە لەهەموو بوارێك، هەتاوەکو لەدەربارەی باوەڕبوون بەزات وناوو سیفاتەکانی پەروەردگاریش، هەڵەی زۆر گەورەیان لەبیری خەڵکیدا دروست کردووە.

لەڕیوایەتێکی هەڵبەستراودا (باسی هاتنە خوارەوەی خودا لەسەر حوشترێك ڕۆژی عەرەفە و بەرز بوونەوەی بۆ ئاسمان لەسەر بەردەڕەشەکەوە ) دەکات. یاخود ئەم ڕیوایەتە هەڵبەستراوە کە دەڵێ (كنت كنزاً مخفياً فأحببت ان أُعرف فخلقت الخلق فبي عرفوني)[١٥]واتە من ـ خودا ـ کەنزێکی شاراوە بووم ، وەحەزم کرد بناسرێم بۆیە ئەم بوونەوەرەم دروست کرد تاوەکو بمناسن

وە لە ڕیوایەتێکی تری هەڵبەستراودا هاتووە (من عرف نفسة فقد عرف ربه )[١٦] ئەم ڕیوایەتەش جێگەی باوەڕو دڵخۆشی ئەهلی تەریقەت وتەسەووفە ،چونکە ئەوان پێیان وایە هەرکەسێك بەباشی خۆی بناسێ ،دەگاتە ئەو قەناعەتەی کەشێوەیەك لەشێوەکانی خودا لەوکەسەدا ڕەنگی داوەتەوە و خوای گەورە لەگەڵ ئەهلی تەریقەت یەکی گرتووەو شی بۆتەوە – الاتحادوالحلول – بۆیە بیستراوە لەیەکێکیان کە لە جیاتی

---

(١٢) سلسلة الحاديث الضعيفة رقم ٧١٣

(١٣) صحيح الجامح (٤٨٢٥)

(١٤) سلسلة الأحاديث الضعيفة رقم /٨٣٥

(١٥) تذكرة الموضوعات ١١

(١٦) سلسلة الأحاديث الضعيفة ٦٦

ئەوەی بڵێ ی:سبحانه. واتە پاکی‌و بێ گەردی بۆ پەروەردگار . گوتویەتی :سبحاني .واتە پاکی‌و بێ گەردی بۆ من . یەکێکی تر لەوانە وتویەتی :(ماني الجبة الا الله ) واتە لەناو ئەو جلانەی کەلەبەرم دایە هیچ شتێك نیە تەنها الله نەبێ!)

وەشاعیرێکی تریان دەڵێت :

أنا هو وهو انا نحن روحان حلا بدنا

واتە من خوام وخواش هەر منە

ئێمە دووگیانین لەیەك لاشەدا

یەکێکی تر لەم حەدیسە هەڵبەستراوانە: (ماوسعني أرضي ولا سمائي ولكن وسعني قلب عبدي المؤمن )[17] واتە خوای گەورە فەرمویەتی ئاسمانەکان جێگەی منیان تێدا نەبۆتەوە ،بەلام دڵی بەندەکەم جێگەی منی تێدابۆتەوە یەکێکی تر لەو بیرو باوەڕە خراپانەی بە هۆی فەرموودەلاوازو هەڵبەستراوەکانەوە لەناو خەڵکی ڕەنگی داوەتەوە ،ترسانە لەوەی کەسیفات بۆ پەروەرداگار دابنێن —ئەو سیفاتانەی کەخوای پەروەردگار یا پێغەمبەرﷺ-باسیان کردووە " بەبیانوی ئەوەی کە ئەمە وێچواندنی تێدایە، وە لە ترسی ئەم فەرمودە هەڵبەستراوەش :

(نزیکە کوفر لەماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر، وەلە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بلاو ببێتەوە ،وتیان بەهۆی چی ئەی پێغەمبەر ی خودا ـﷺـ؟. لە وەلامدا وتی :چونکە کۆمەڵێك پەیدا دەبن کەوەسفی خودا دەکەن وسیفاتی بۆ بڕیار دەدەن !).

یەکێکی تر لەو حەدیسە هەڵبەستراوانە:(عليكم بدين العجائز)[18] واتە ئێوە دەست بگرن بەدینی پیرەژن وپیرەمێردەکانتان ولەسەرقسەی ئەوان بڕۆن.یاخود حەدیسی (إذا كان آخر الزمان، واختلفت الأهواء، فعليكم بدين البادية)[19] .

واتە ئەگەر لەئاخری زەماندا ناکۆکی ودووبەرەکی لەدین دا پەیدابوو ،ئێوە لەسەردینی دەشتەکی ولادێیەکان بڕۆن.

خوێنەری خۆشەویست بەم چەند نمونەیەی کەباسمان کرد-کەمشتێك بوو لەخەروارێك — دەرکەوت کەزیانی فەرمودە لاوازو هەڵبەستراوەکان چەند زۆرەو چەند شوێنەواری خراپی لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا پەیدا کردووە

(١٧) الموضوعات (١٠٥/٢).

(١٨) سلسلة الحاديث الضعيفة رقم ٥٣.

(١٩) سلسلة الحاديث الضعيفة رقم ٥٤.

بەتایبەت لەبواری عەقیدەدا، کەبنچینەی ئیسلامەتیەو بەبێ عەقیدەی پاك ئێمە دواڕۆژمان لە ترسدایە وهیچ کردەوەیەکمان لێ وەرناگیرێ هەروەك پەروەردگارمان دەفەرموێت

(وَمَنْ يَكْفُرْ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) ٢٠

(وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ) ٢١

کەواتە ئەی موسوڵمانانی ئازیز وریابە لەوەی کە:

١- هیچ حەدیسێك لەپێغەمبەرەوە - ﷺ - نەگێڕیتەوە تا دڵنیانەبیت لەوەی کە صەحیحە، وەڕێگەی دڵنیابونیش سوپاس بۆ پەروەردگار زۆر ئاسان بووە ئەویش بە خوێندنەوەی بیرو ڕای زانایانی فەرمودە ناس (علماء الحديث) لەسەری، کەإن شاءالله لەکۆتایی ئەم باسەدا ئاماژە بۆ هەندێك لەو سەرچاوە دەکەین.

٢- هەوڵ بدە موسوڵمانانی تریش ئاگادار بکەیتەوە لەزەرەرو زیانی فەرمودە لاوازو هەڵبەستراوەکان وەشوێنەواری خراپیان.

٣- تەنها پشت بەو کتابانە ببەستە کە (تحقیق)کراون لەلایەن زانایانی کۆنی فەرمودەناس وەك حافظ ابن حجر العسقلاني یاخود حافظ العراقي یان حافظ الزيلعي وەلەزانایانی ئەم سەردەمەش وەك شێخ ألبانی وەشێخ احمد شاكر ڕەحمەتی خوا لەهەموویان بێت

## سەرچاوەکانی فەرمودەناسی

سوپاس بۆ پەروەردگار کە بەفەزڵی خۆی ڕێگەی دینداری وشارەزابوونی لەدین بۆ ئاسان کردوین، بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا بەهۆی پەیدا بوونی چەندین کتێبی حەدیس کە هەزاران حەدیسیان گرتۆتە خۆو هەموی (تحقیق)کراوە، وەبەشێوەی پیتەکانی هیجائی پۆلێن وریز کراون بەجۆرێك کەهەرکەسێك بیەوێت زۆر بەئاسانی دەتوانێت بەدوای حەدیسێك دا بگەڕێت بۆی ساغ ببێتەوە کە صحيحە یان ضعيفة. گرنگ ترینی ئەم کتێبانەش ئەمانەن:

(١) صحيح الجامع الصغير و زيادته.

شێخ ألبانی تحقیقی کردووە لە دوو بەرگدا لە (٨٠٠٠) حەدیسی صحیحی گرتۆتە خۆ کە بەشێوەی پیتەکانی هیجائی ریز کراون بەجۆرێك کە سەرەتای

---

(٢٠) (المائدة: من الآية٥)

(٢١) (الزمر:٦٥).

هەر حەدیسێکت لەبەر بێت زۆر بەئاسانی دەتوانیت کۆتایەکەی بدۆزیتەوە بەبێ ئەوەی هەموولا پەڕەکان هەڵ بدرێتەوە٠

وەئەگەر حەدیسەکەت لەم کتابە نەدۆزیەوە بچۆ بۆ کتابی :

(٢) ضعيف الجامع الصغير / کە شێخ ألبانی تحقیقی کردووە لە سێ بەرگ دایە وزیاتر لە (٦٠٠٠) حەدیسی لاوازو هەڵبەستراو(الضعيف والموضوع)ی گرتۆتە خۆ و ئەویش بەشێوەی پیتەکانی هیجائی ڕیز کراون ٠

(٣) وەئەگەر حەدیسەکەشت هەر نەدۆزیەوە کە ئەمەش ئەگەرێکی دوورە ،چونکە زۆربەی ئەو حەدیسانەی لە کتێب و نامیلکەو وتارەکان دا دەیبیستیت لەیەکێك لەم دوو کتێبەدا هەیە . بەلاّم ئەگەرهەرنەبوو، بچۆ بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبانە :

چوارسەرچاوەکانی سوننەن (السنن الأربعة ) کە بریتین لەمانە:

١-سنن ابن داود شێخ ألبانی تحقیقی کردووە٠٠٠

٢-سنن الترمذي /شێخ ألبانی تحقیقی کردووە٠٠٠

٣-سنن النسائی شێخ ألبانی تحقیقی کردووە٠٠٠

٤-سنن ابن ماجة / کە شێخ ألبانی تحقیقی کردووە٠٠٠٠

وەئەم چوار کتێبانەش هەمووی بەشێوەی پیتەکانی هیجائی ڕیزکراون ان شاء الله دەتوانی بەئاسانی بەدوای دابگەڕێت ،خۆ ئەگەر هەر نەدۆزیەوە دەبێت بچیت بۆ خوێندنەوەی :

(٥) مسند الإمام أحمد/ أحمد شاکر، تحقیقی کردووە ، و ئەمیش بەشێوەی پیتەکانی هیجائی ڕیزکراون ٠

بەلاّم ئاگاداربە ئەوەی کەباسمان کرد لەم بەدوادا گەڕانەدا ،لەکاتێك دایە کە نەزانرا کێ حەدیسەکەی ڕیوایەت کردووە ،بەلاّم کە ریوایەتەکەی زانرا وەك ئەوەی بنوسرێ (رواه أبوداود)ئەوا یەکسەر دەچیتە سەرخوێندنەوەی کتێبی ابوداود لەوێ دا بەدوای دا دەگەڕێیت .

(٥) جامع الأصول لابن الأثير/ ( شێخ عبد القادر الأرناؤوط تەحقیقی کردووە لە یازدە بەرگ دایە وە بەشێوەی پیتەکانی هیجائی ڕیزکراون .

خوێنەری بەڕێز :

ئەمانەوەی خوارەوەش ناوی چەند سەرچاوەیەکی تری حەدیسە کە هەموویان تحقیق کراون لەلایەن زانایانی فەرموودە ناسی بەناوبانگ ،وەبەشێوەی

پیتـەکانی هیبجـائی و بابەتـە فیقهیـەکان ڕیزکراون

بـۆ ئـەوەی بەدڵنیاییـەوە فـەرموودە یەك لە پێغەمبەرەوە ﷺ بگێڕیتەوە و بلاوی بکەیتەوە سود لەم سەرچاوانە وەربگرە:

١- (ترتيب صحيح الجامع الصغير على الأبواب الفقهية ).

عوني الشريف ڕێکی خستووە (ترتيب).

٢-نصب الراية / کە الحافظ الزيلعي تـەحقيقی کـردوون، وە فەهرەسـەی بـۆ کراوە لەسەر پیتەکانی هیجائی.

٣-مشكاة المصابيح/ألباني تـەحقيقی کردوە و ، چەند فەهرەسـەیەکی هەیە لە بەرگی سێهەم دا.

٤-تلخيص الحبير. ابن حجر العسقلاني تـەحقيقی کـردوەو فەهرەسەکەشـی لەبەرگێکی سەربەخۆدایە

٥-شرح السنة.زهير الشاويش و شعيب الأرناؤوط تـەحقيقيان کـردوە. وەبـەرگی شازدە تايبەتە بە فەهرەسە .

٦- صحيح ابن خزيمة.

دکتۆر محمد الأعظمي تەحقيقی کردوە

٧- إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل.شێخ ألبانی تـەحقيقی کـردوە ، وەبەرگی نۆیەمی فەهرەسی کتێبەکەیە .

٨- سلسلة الأحاديث الصحيحة .

شێخ ألبانی کۆی کردۆتـەوە تـەحقيقی کـردوە هەربەرگـەو فەهرەسـەی خـۆی لەگەڵ دایە.

٩- سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة.

شێخ ألبانی کۆی کردۆتەوە تـەحقيقی کـردوە ، وەهـەر بەرگـەی فەهرەسـەی کۆتایی خۆی هەیە .

١٠- (الجامع الصحيح مما ليس في الصحيحين).

شێخ مقبل بن هادي الوادعي کۆی کردۆتەوە تەحقيقی کردوە.شەش بەرگەو هـەر بەرگەشـی فەهرەسـەی خـۆی لەگەڵدایە.